# بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە دیدی گۆڤاری ڕزگاری دا ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ – ٢٧ی مارتی ١٩٧٠

## توێژینەوەیەکی مێژووییە

**ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر** [١]

[١] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: ahmad.ameen@su.edu.krd

## پوختەی توێژینەوە

گۆڤاری ڕزگاری لە ماوەی نێوان ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ تا ٢٧ی مارتی ١٩٧٠، وەك گۆڤارێکی هەفتانە (١٥) ژمارەی لێدەرچووە و لە لایەن باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەندارییەتی کراوە. لە نێو لاپەڕەکانی گۆڤاری ڕزگاری دا ژمارەیەکی بەرچاو لە بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئەدەبی و فکری نووسراون. لەم توێژینەوەیەدا بەدەر لە کورتەیەك لەسەر گۆڤارەکە، سەرەتای باس لە تێروانینی گۆڤاری ڕزگاری بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد کراوە، ئینجا شەنوکەوی ئەو بابەتە مێژووییانە و ئەو لێکدانەوە مێژووییانە کراون، کە لە بارەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بەر لە قۆناغی دەرچوونی گۆڤاری ڕزگاری نووسراون. دواجاریش دیدی گۆڤاری ڕزگاری بۆ قۆناغی سەردەمی خۆی باسکراوە.

**کلیلی توێژینەوە:** بزووتنەوە، ڕزگاریخواز، نەتەوە، کورد، ڕزگاری.

## ملخص

استطاعت مجلة رزكارى التي كانت تصدر بدعم جناح المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني أن تحتل مساحة شاسعة من تأريخ الصحافة الكردية، وقد تجمع حولها قراءٌ كثيرون. وانطلاقا من مكانتها التأريخية، وعدم وجود أبحاث أكاديمية تتناول منظور مجلة رزكارى حول الحركة التحررية القومية للشعب الكردي، رأينا ضرورة إنجاز هذا البحث .

يتألف البحث من مقدمة وأربعة مباحث فالنتائج، خصصنا المبحث الأول لإعطاء نبذة عن مجلة رزكاري، من حيث كيفية صدورها، وهيأة تحريرها أعدادها وأهدافها. وفي المحور الثاني تناولنا بدقة نظرة مجلة رزكاري للحركة التحررية القومية للشعب الكردي. والمبحث الثالث مخصص لأهمية كتابة تأريخ الحركة التحررية للشعب الكردي من خلال هذه المجلة، ومن خلال هذا البحث عرضنا المواضيع التأريخية وكذلك المواضيع التحليلية الخاصة بالمراحل السابقة للحركة التحررية للشعب الكردي، والمبحث الرابع تحليل لنظرة مجلة رزكاري للحركة التحررية للشعب الكردي في عهد صدور المجلة. وانتهى البحث بمجموعة من النتائج التي توصل إليها البحث.

**كلمات الدالة:** الحركة، التحررية، القومية، الكرد، رزكاري.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٨/١٠ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٩/٦ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Ahmad.ameen@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٠ پ.ی.د.ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ ND 4.0 |

**Abstract**

Rizgari Journal, as a general weekly journal, issued with the support of Political Bureau Wing of Kurdistan Democratic Party, has been able to cover a wide area from the Kurdish journalism history and has gathered wide readership around itself. Due to this historical significance and lack of any academic study concerning the standing-point of Rizgari journal towards Kurdish Liberation Movement, this study was deemed necessary. This paper consists of an introduction, four sections and an introduction. The first section is devoted to an overview of Rizgari Journal focusing on the idea of issuing the journal , the editing board ,the numbers issued along with the objectives of the journal. The second section tackles the way Rizgari journal looks at Kurdish National Liberation Movement. The third section presents the importance of writing the history of Kurdish National Liberation movement in Rizgari journal. In this section, the historical articles along with analytic articles concerning the various stages of the Kurdish Liberation movement are shown. The fourth section is devoted to displaying the viewpoint of Rizgari journal towards the Kurdish National Liberation movement in the period when the journal was issued. The paper end in a number of conclusions drawn from the study.

**Keyword:** Movement , Liberation , National, Kurdish, Rizgari.

## پێشەکی

**گرنگی و بایەخی توێژینەوە:** گۆڤاری ڕزگاری وەك گۆڤارێکی گشتی هەفتانە، کە بە پاڵشتی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرچووێندراوە، لە ماوەی کارکردنیدا توانیویەتی پانتاییەکی گەورە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی داگیر بکات و خوێنەرێکی زۆر بە دەوری خۆیدا بکاتەوە. لە سۆنگەی ئەو بایەخە مێژووییە و نەبوونی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەت بە دیدی گۆڤاری ڕزگاری بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە بە پێویست زانراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە پێشەییەك و چوار تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە. تەوەری یەکەم: تەرخانکراوە بۆ باسکردنی سەرقەڵەمێك دەربارەی گۆڤاری ڕزگاری، بەمەش باس لە چۆنییەتی دەرچوون، دەستەی نووسەران، ژمارەکانی گۆڤارەکە و ئامانجی دەرچوونی کراون. لە تەوەری دووەمدا، تیشکخراوتە سەر تێڕوانینی گۆڤاری ڕزگاری بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد و بە وردی ئاماژەی بۆ کراوە. تەوەری سێیەم: تایبەتە بە بایەخی نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە نێو گۆڤاری ڕزگاری دا، لەو میانەشدا هەم بابەتە مێژووییەکان، هەمیش بابەتە شیکارییەکانی تایبەت بە قۆناغەکانی پێشووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد خراونەتە ڕوو. لە تەوەری چوارەمدا، تێڕوانینی گۆڤاری ڕزگاری بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لەو قۆناغەی، کە گۆڤارەکەی تێدا دەرچووە شەنوکەو کراوە. لە ئەنجامدا بە چەند خاڵێك ئاماژە بە ئەنجامگیری توێژینەوەکە کراوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر بۆ ئەوەی بگات بە ئەنجامێکی زانستی و ورد، پەنای بردۆتە بەر ڕێبازی ڕاگواستن و ڕێبازی شیکاری، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەر شوێنێکدا پێویستی کرد بێت، ڕاو سەرنجی خۆیشی دەربڕیون.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** بۆ ئەم توێژینەوەیە بەدەر لە بابەتەکانی نێو گۆڤاری ڕزگاری، بە پێی پێویستی توێژینەوەکە پشت بە ژمارەیەك سەرچاوەی دیکەش بەستراون و لە ڕیزبەندی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

دیارە ئەم توێژینەوەیە وەك هەرکارێکی دیکەی ئەکادیمی شایەنی ڕەخنە و تێبنی و سەرنجە، بەمەش بە ڕەخنە و سەرنج و تێبنییەکان کارەکەمان دەوڵەمەنتر دەبێت.

## ١.سەرقەڵەمێك دەربارەی گۆڤاری ڕزگاری

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بایەخ و گرنگی بە لایەنی ڕۆژنامەگەریداوە. لەو چوارچێوەیەشدا بەر لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و لە دوای ئەو قۆناغەشدا ژمارەیەکی بەرچاو ڕۆژنامە و گۆڤاری دەرچوواندوون (جاف، ١٩٩٦، ل١٣-٢٦؛ ساڵح، ٢٠١١، ل٥-١٠).

سەروبەندی شۆڕشی ئەیلول و بە دیارکراویش ساڵی ١٩٦٤ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕووبەڕووی ناکۆکی ناوخۆیی هاتەوە، بەو هۆیەشەوە باڵی مەکتەبی سیاسی(١) ڕوویانکردە ئێران و ماوەیەك لە هەمەدان مانەوە (بارزانی، بێ ساڵی چاپ، ل١٦٥-١٩٠؛ فەرد، ٢٠١٣، ل٩٠١-٩٧٤). شایەنی گوتنە، لە دوای گەڕانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە هەمەدان ساڵی ١٩٦٥ و چارەسەر نەبوونی ناکۆکییەکان بە گفتوگۆ لەگەڵ باڵی بارزانی(٢)، ئەنجام باڵی مەکتەبی سیاسی ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوتن و چالاکییەکانیان هێنایەوە ناو شارەکان (جەلال، ١٩٩٩، ل٢١٥).

باڵی مەکتەبی سیاسی لە دوای هاتنەوەیان بۆ ناو شارەکان وێڕای خەباتی سیاسی و چەکداری، گرنگ و بایەخیاندا بە لایەنی ڕۆژنامەوانی. لەو چوارچێوەیەشدا سەرەتا ڕۆژنامەی (النور)(٣) لە بەغدا بە زمانی عەرەبی دەردەچوێنن، دواتریش بیر لە دەرچوواندنی گۆڤارێك بە زمانی کوردی دەکەنەوە. لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣-٢٠١٧) دەڵێت:" وەختی خۆی من و نەوشیروان پێکەوە چوین بۆ لای عەبدوللا سەلوم ئەلسامەرائی، بۆ ئەوەی ڕێگامان بدات گۆڤارێك دەربکەین ..." (ڕەشید، ٢٠١٧، ل٣٨٨). نەوشیروان مستەفا (١٩٤٤-٢٠١٧)ش دەڵێت:" مەجلیس قیادە الثورە موافەقەتی کرد لەسەر دەرکردنی هەفتەنامەی ڕزگاری ناوەکەی مامجەلال هەڵی بژراد بو، من خاوەنی ئیمتیاز و شازادە صائیب سەنوسەری بو، ئەو سا عەبدوللا سەللوم وەزیری ئیعلام و حەسەن عەلەوی مدیر الصحافە بوو" (ئەمین، ١٩٩٨، ل٩٧). بەم شێوەیە گۆڤاری ڕزگاری لە ژێر ناونیشانی گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی، یەکەمین ژمارەی لە ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران(٤).

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕزگاری لەسەر گۆڤارەکەدا ناویان نەهاتووە، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە ناوی نەوشیروان مستەفا وەك خاوەن ئیمتیاز و شازاد سائیب (١٩٤٦-٢٠٠١) وەك سەرنووسەر کراوە. وەلێ لەو بارەیەوە فوئاد قەرەداغی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سەرەتا دەستەیەکی دیاریکراو نەبوون، بەڵکو دوای دەرچوونی ژمارەی یەکەم، لەسەر داواکاری وەزارەتی ڕاگەیاندن نووسراوێك بە واژۆی نەوشیروان مستەفا دەکەن، بەمەش شازاد سائیب وەك سەرنووسەر، فوئاد قەرەداغی وەك سکرتێری نووسین، مەحموودی مەلا عیزەت، محەمەد نوری تۆفیق و تەها تۆفیق وەك ئەندامی دەستەی نووسەران دیاری دەکرێن (نامەی فوئاد قەرەداغی بۆ توێژەر لە٢١ی تەمموزی ٢٠٢٠)، بەڵام بە گوێرەی بیرەوەری ئەوانە بێت، کە ئەوکاتە بەدەوری گۆڤاری ڕزگارییەوە بوون، جگە لەو ناوانەی فوئاد قەرەداغی ئاماژە بۆ کردوون هەر یەکە لە: بورهان قانع، حەمە چاوشین، ڕەفعەتی مەلا، سمکۆ فەتحوڵلا، فوئادی مەلا مەحموود ڕۆڵی کاریگەرییان تێیدا بینیوە (مەلا، ٢٠٠٨، ل٢٢-٣٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢).

وێڕای ئەوەی ژمارەیەك نووسەری بەرچاو وەك: ئەحمەد خواجە، ئیبراهیم ئەحمەد، جەمال شاربازێر، جەمال شاڵی، محەمەد ساڵح دیلان، شاکر فەتاح، عەبدولکەریم شێخانی، عەبدوڵلا پەشێو، عەبدوڵلا سەراج و محەمەد مستەفا کوردی، بابەتیان لە گۆڤاری ڕزگاری دا نووسیوە (حەمەدئەمین، ٢٠٢٠، ل١٣-٤١). کەچی بابەتی زۆریشی تێدان، کە ناوی نووسەریان بەسەرەوە نییە، یاخود بە ناوی خوازراوەوە نووسراون. لەو بارەوەیە فوئاد قەرەداغی دەڵێت:"... ئەوکاتە شەڕی ناوخۆ هەبوو، مەترسی کوشتن هەبوو، ململانێکە لە لوتکەدابوو، بۆیە زۆرکەس نەیدەوێرا هاوکاریمان بکات ..." (نامەی فوئاد قەرەداغی بۆ توێژەر لە٢١ی تەمموزی ٢٠٢٠). بەمەش دەتوانرێت بووترێت، چەندە نەبوونی

ناوی نووسەر و ناوی خوازراو بەسەر بابەتەکان پێوەندی بەو هۆکارەوە هەیە، کە فوئاد قەرەداغی باسی لێوە دەکات، ئەوەندەش پێوەندی بەوەوە هەیە، کە نووسەرانی سەرەکی گۆڤارەکە مەبەستیان نەبووە، بەردەوام ناویان لەسەر بابەتەکان دووبارە بێتەوە، بە بەڵگەی نەوشیروان مستەفا خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە بە چەند ناوێکی خوازراوی وەك: بەریڤانی، ڕێژەن، سەردەشت، قوتابییەکی کوردستان، مامە پیرە، مامەیارە و وەرزێر نووسیویەتی (حەمەدئەمین، ٢٠٢٠، ل٢٣، ٣٥، ٤١؛ ب.ژێوار، دەستنووس، ل٨).

گۆڤاری ڕزگاری بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانی بووە، بەڵام لەبەر نەبوونی چاپخانە لە شارەکەدا ژمارە (١) تا ژمارە (٧)ی لە چاپخانەی (جاحظ) لە شاری بەغدا چاپکردوون، کاتێکیش کە بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانیویانە چاپخانەیەك بکڕن، باقی ژمارەکانی دیکەیان لە چاپخانەی ژین لە شاری سلێمانی چاپکردوون (ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ١٩٩٨، ل٩٨).

وەك ئاماژەمان بۆ کرد، گۆڤاری ڕزگاری وەك گۆڤارێکی هەفتانە خۆی ناساندووە، بەڵام جگە لە سێ ژمارەی یەکەم، ئەوانەی دیکە لە وادەی خۆیان دەرنەچوون و دواکەوتن(٥). لەو بارەیەوە لە یەکێك لە دەمەتەقێیەکاندا هاتووە: " تا ئێستاکە ڕزگاری وەکو هەفتەنامە دەرنەچووە بە ڕێکوپێکی جگە لە ژمارەکانی هەوەڵ جار، ... ، ئێمە ئەمانەوێ گۆڤارەکەمان هەفتانە دەرچێت، بەڵام دەزگای چاپەمەنی نە لە سلێمانی وەنە لە سەرانسەری کوردستاندا ناتوانێ بەو جۆرە و بەو قەبارەیەی ئێمە هەفتانە گەرەکمانە بیدا بە دەستمانەوە ..." (وەرزێر، دەمەتەقێ...، ژمارە ٧، ٢١ی ئەیلولی ١٩٦٩، ل٢). بەمەش گۆڤاری ڕزگاری هەر لە سەرەتاوە تاکۆتایی ڕووبەڕووی گیروگرفتی چاپەمەنی هاتۆتەوە.

لەگەڵ ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی یارمەتیدەری وەرگرتنی مۆڵەتی گۆڤاری ڕزگاری بووە، کەچی وەکو پێویست پاڵپشتی دارایی نەکردوون. لەو بارەیەشەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "مەکتەبی سیاسی نە بۆ ژیانی خۆمان و نە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕزگاری هیچ یارمەتیەکی مادییان نەداین ... چونکە لە ئێمە دڵنیا نەبون مولکییەتی ڕەسمیی چاپخانەکەیان خستەر سەر ناوی کاك عومەر مستەفا"(پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ١٩٩٨، ل٩٨). لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت سەرپەرشتیارانی ڕزگاری جگە لە پشت بەست بە خۆیان، بۆ بەردەوامبوونی گۆڤارەکە پشتیان بە ئابوونە(٦) و بڵاوکردنەوەی ڕیکلام بەستووە، چونکە لە گۆڤارەکەدا ڕیکلام پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە (حەمەدئەمین، ٢٠٢٠، ل٧٦-٨٩).

گۆڤاری ڕزگاری بە قەبارەی (٢٨.٨ × ٢٠.٨ سم) و لە نێو بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگدا چاپکراوە، لەسەر بەرگی پێشەوەدا جگە لە ژمارە و ڕێککەوتی دەرچوون، لە هەندێك ژمارەدا، وێنەیەك و لە هەندێکی دیکەیاندا ناونیشانی چەند بابەتێکی ناوەڕۆك نووسراون. هەرچی بەرگی داوەوەیە جگە لە وێنە، دروشمەکانی گۆڤارەکەی لەسەردا نووسراون (٧).

لەسەر ڕووپەری گۆڤاری ڕزگاری ئاماژە بۆ تیژاری چاپ نەکراوە، بەڵام بە وتەی نەوشیروان مستەفا خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە سەرووی پێنج هەزار دانەیان لێ چاپکردووە (دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢). بەمەش دەتوانرێت بووترێت گۆڤارەکە لە بازنەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە و خاوەن خوێنەرێکی زۆر بووە.

شایەنی باسە، گۆڤاری ڕزگاری لە ژمارە (١)دا لە بارەی ئامانجی دەرکردنی گۆڤارەکە نووسیویەتی:" ... ڕزگاری پشت ئەستور بە کۆمەڵانی ڕەنجدەری خەڵکی کوردستان وە لە پێناو هێنانەدی ئاوات و ئامانجەکانیاندا دێتەوە کۆڕی خەبات تاوەکو هاوبەشی بکات لە پتر و چاکتر بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتووانەی پارتی پێشڕەوی خەڵکی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان. تاکو هاوبەشی بکات لە چاکتر هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجدەرانی گەلەکەمان وە لە پتر بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری سیاسی و چینایەتی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییاندا، وە لە چاکتر ڕیسواکردنی دوژمنانی کورد و کوردستان و ناساندنیان بە گەلی کورد، وە باشتر ئاشکراکردن و دیاریکردنی دۆست و پشتیوانی کوردایەتییەکەمان کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا شەرتێکی گرنگی سەرکەوتنی کوردایەتییە" (ڕزگاری دێتەوە ...، ڕزگاری، ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، ل٣).

گۆڤاری ڕزگاری دوای ژمارەی، کە (١٤-١٥)یە لە ٢٧ی مارتی ١٩٧٠ دەرچووە، بە دوای ئەوەدا بەهۆی هاتنە پێشەوەی ڕێککەوتنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) لەگەڵ حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ و ئاشتبوونەوەی باڵی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی، گۆڤارەکە لە دەرچوون وەستاوە و چالاکییەکانی؛ دەبن بە بەشێك لە مێژوو.

بەگشتی تێکڕایی لاپەڕەکانی گۆڤاری ڕزگاری هەمووی بەسەر یەکەوە (٥٢٦) لاپەڕەن، لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئەدەبی و فکری تێدان. لەو چوارچێوەیەشدا لە تەوەری داهاتوودا تێڕوانینی گۆڤارەکە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد شەنوکەو دەکەین.

## ٢.تێڕوانینی گۆڤاری ڕزگاری بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد.

وەك ئاشکرایە، گۆڤاری ڕزگاری لە نێو هەناوی قۆناغێکی مێژووی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا، کەوتۆتە بە دیدی خوێنەران، بەمەش بۆ ئەوەی روون و ڕەوان بیروچوونەکانی بگەیەنێت، تێڕوانینی خۆی ئاشکرا کردووە.

گۆڤاری ڕزگاری، پێیوایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، بزووتنەوەیەکی مێژووییە، لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵی کوردەواری هاتۆتە کایەوە، بەمەش بە وازهێنان و خیانەتکردنی چەند کەسێك و تاقمێك لە ناو ناچێت و کۆتایی نایەت، بەڵکو بەردەوام دەبێت تا بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی (سەلماندنی مافە ...، ڕزگاری، ژمارە ٣، ٤ی ئاياری ١٩٦٩، ل٦-٧).

بە تێڕوانینی گۆڤاری ڕزگاری ئەو بزووتنەوە مێژووییە، دەبێت جوتیاران و کرێکاران پێشڕەوی بکەن (خەباتی کرێکاران ...، ڕزگاری، ژمارە ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل٣٥-٣٦)، بەمەش لە خەباتێکی سەختی شۆڕشگێڕانەدا بۆ گۆڕانکارییەکی پێشکەوتووانە لە باری ژیانیاندا بەردەوام بن، تا ئەوەی جوتیاران و کرێکاران و خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکان و ڕەنجدەرانی کوردستان ڕژێمی دەرەبەگایەتی و عەشائیری و کۆنەپەرستی لە ڕەگەوە هەڵدەکێشن و بە تەواوەتی گوزەرانی خۆیان دەگۆڕن (کۆمەڵی تێکۆشەر ...، ڕزگاری، ژمارە ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل ١١-١٢؛ بەریڤانی، مەترسی جوولانەوەکەی ...، ڕزگاری، ژمارە ٦، ٢٧ی تەمموزی ٩٦٩، ل٥). لە لایەکی دیکەشدا گۆڤاری ڕزگاری پێیوایە ئەرکی دڵسۆزانی بزووتنەوەی کوردایەتی و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریخوازییە، کە هەمیشە بەردەوام بن لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان، لەو چوارچێوەیەشدا هەوڵی کۆکردنەوە و سازدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدەن، تا هەموویان بە یەکەوە ڕووبەڕووی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ببنەوە (ڕاپۆرتێك لە بابەت ...، ڕزگاری، ژمارە ٧، ٢١ ئەیلولی ١٩٦٩، ل٣-٤).

بەدیدی گۆڤاری ڕزگاری، بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان هاوتەریب دێتەوە لەگەڵ خەباتکردن دژی ئیمپرالیزم و دەرەبەگایەتیدا، لەبەر ئەوەی شۆڕشە نەتەوایەتییەکان لەهەمان کاتدا شۆڕشی دیموکراتین. وەڵێ سەرکەوتنی شۆڕشە نەتەوایەتی و دیموکراتییەکانیش بە مەحاڵ دەبینێت، ئەگەر پارتی چینی کرێکاران ڕابەری نەکات، چونکە بە تێڕوانینی گۆڤارەکە کۆبوونەوەی چینە ڕەنجدەر و شۆڕشگێڕەکان لە دەوری پارتێکی خاوەن ستراتیژ و تاکتیکی کارکردن و پێشکەوتووترین تیۆر، دەتوانێت خەباتی دیموکراتی و نەتەوایەتی بەسەرکەوتن بگەیەنێت (بنەماڵەی ڕزگاری، نوقتەی یەکانگیری ...، ڕزگاری، ژمارە ٩، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ل٣-٦).

گۆڤاری ڕزگاری پێی وایە لەوکاتەوەی باشووری کوردستان بووە بە یەکێك لە ئاگردانەکانی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پرشنگی بیروباوەری پێشکەوتووانە درەوشاوەتەوە. ئیدی هەر ئەوەش وایکردووە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پارتێکی پێشڕەو، مەشخەڵی شۆڕش جۆش بدەن و قازانج و دەستکەوتەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیيان بخەنە مەترسییەوە (چۆن پشتیوانی ...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٣؛ لقی تەنزیمی پێشمەرگەی کوردستان، لە بێ ...، ڕزگاری، ژمارە ١١، ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠، ل٤-٥).

گۆڤاری ڕزگاری بۆ هاوخەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، لەگەڵ گەلانی ناوچەکە و جیهاندا، دیدی خۆی بە ڕوونی وتووە. لەو چوارچێوەیەشدا بە بایەخەوە باسی هاوخەباتی کورد و عەرەبی لە عێراقدا کردووە، چونکە پێیوایە خەباتی ناوخۆی کورد و عەرەب لە عێراقدا بە یەکەوە باڵەکانی بزووتنەوەیەك پێکدەهێنن، کە بە جیاکردنەوەی هەر یەکێکیان ئەوەی تریان ڕووبەڕووی لاوازی و تێکشکان دێتەوە. بەمەش بە دیدی ڕزگاری هاوخەباتی و جۆشدانی خەبات شۆڕشگێڕانەی هەردوو نەتەوە بەیەکەوە، دەبێتە هێزێکی کاریگەری لە بن نەهاتوو، کە بەهۆیەوە ڕۆڵێکی کاریگەر لە بەهێزکردنی بەرەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلان دژی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوە کۆنەپەرستی دەگێڕن (سەلماندنی مافە...، ڕزگاری، ژمارە ٨، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ل٣). ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە سەبارەت بە پشتیوانیکردن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، لە بزووتنەوەی ڕزگایخوازی گەلانی ناوچەکە و جیهاندا، لە دژی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانەکانی،

بە تێڕوانینی گۆڤاری ڕزگاری بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە هەموو دونیا یەك بزووتنەوەیە، بۆیە دەبێت پشتیوانی بکرێن و هەمووان بەیەکەوە لە یەك بەرە دابن (بۆچی کورد پشتیوانی...، ڕزگاری ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، ل٧-٩؛ ئەبێ چۆن بەرپەرچی...، ڕزگاری، ژمارە ٣، ٤ی ئایاری ١٩٦٩، ل٣-٤). لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت هەر ئەو بۆچوونەیە وایکردووە، گۆڤاری ڕزگاری لەو قۆناغەدا پشتیوانی بەرەی سۆسیالیستی بکات و بڵێت:" وەکو لەبەر چاومانە ئێستا جیهان بۆتە دووبەرەی سەرەکی، بەرەی سۆشیالیزم و گەلانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز، بەرەی ئیمپریالیزم و ڕژێمی سەرمایەداری و داگیرکردن و چەوساندنەوە. کە ئەبێ هەموو تێکۆشەر و پارتێکی پێشڕەو خۆی بە بەشێك لە بەرەی یەکەم بزانێ هەموو هەنگاو و هەڵوێستێکی خزمەتی ئەو بەرەیە بکات ..."(بۆچی دژی جیابوونەوەین؟، ڕزگاری، ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، ل٣٢). شایەنی باسە، ئەو دید و بۆچوونە بۆ پێکەوە خەباتکردن کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی گۆڤاری ڕزگاری لە دژی بیروبۆچوونی جیابوونەوەی کورد لە عێراقدا بوەستێتەوە و بنووسێت: "... ساغ بۆتەوە مەسەلەی جیابوونەوەی گەلی کورد لە عێراقدا نەك هەر دژی جولانەوەی گەلی عەرەبە و گەلانی ڕزگاریخوازە، بەڵکو بەو جۆرەش دژی دەستکەوتی جەهامیری گەلی کوردە، بۆیە دژ وەستانی پێویستییەکی مێژووییە لەسەر شانی هەموو لایەك"(بۆچی دژی جیابوونەوەین؟، ڕزگاری، ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، ل٣٢). بەمەش هاتووە بە تێڕوانینی خۆی بابەتی جیابوونەوەی بە دژایەتی بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، عەرەب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی دونیا لێکداوەتەوە و بە قازانج بۆ بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانەکانی ناساندوویەتی و بە پیلانی لە قەڵەمیداوە.

بەردەوامی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد و شەڕی چەند ساڵەی کورد و دەسەڵاتدارانی عێراق، لە ڕوانگەی گۆڤاری ڕزگاری دا، زیانی بە لایەنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و خوێندەواری گەیاندووە. بەمەش بە پێویستی دەزانێت هەنگاو بۆ قەرەبووی ئەو زیانانە بنرێت و چارەسەری سەرەکی مەسەلەی کورد بکرێت و شوێنەواری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بسڕێتەوە و گەشانەوەی ئابووری فەراهەم بکرێت و توانای سەروەت و سامانی کوردستان و عێراق بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی تەرخان بکرێت (سەلماندنی مافە ...، ڕزگاری، ژمارە ١، ٢٩ی نیسانی ١٩٦٩، ل١٦). لە لایەکی دیکەشەوە پێیوایە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی پێشکەوتوودا گرنگە، چونکە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم هەوڵ و تەقەلای ئیمپریالیزم و وڵاتانی کۆنەپەرست، کە بەردەوام ئاگری شەڕی ناوخۆ خۆش دەکەن (لە پێناوی چەسپاندنی...، ڕزگاری، ژمارە ١٣، ٢٤ی شوباتی ١٩٧٠، ل٣). لێرەشدا کاتێك بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بڵاودەبێتەوە ڕزگاری نووسیویەتی:" جەژنی ئەم ساڵەمان دوو جەژن بوو، جەژنی ئۆتۆنۆمی وە جەژنی نەورۆز، ... پاش دەیان ساڵی خەباتی شۆڕشگێری وە پاش سەدان قوربانی و فیداکاری لەم ساڵەدا سەرەتا ئەو ئاواتە هاتە دی. جا چۆن نەورۆزی لەمەوبەرمان ڕۆژی پەیمان تازەکردنەوەی خەباتی شۆڕشگێری بوو، ئەبێ هی لەمەولامان بکەینە ڕۆژی یەکێتی و خەباتی یەکگرتووی گەلەکەمان بۆ یەکخستنی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتوەکانی لە پێناوی جێبەجێکردنی مافەکانماندا، لە پێناوی جێگرکردنی ئۆتۆنۆمیدا، چونکە بێ ئەو یەکێتییە وەبێ برانەوەی شەڕی کورد کوشتن نەك هەر ناتوانین بەو ئاواتە مەزنە بگەین بەڵکو دەستکەوتەکانی ئێستاشمان بە فیڕو دەچن ..." (دەمە تەقێی بنەماڵەی ڕزگاری، ئۆتۆنۆمی..نەورۆز، ڕزگاری، ژمارە ١٤-١٥، ٢٧ی مارتی ١٩٧٠، ل٢).

## ٣.نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە گۆڤاری ڕزگاری دا.

نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، لە گۆڤاری ڕزگاری دا گرنگی و بایەخی پێدراوە، لەو چوارچێوەیەشدا لە یەکێك لە ژمارەکانیدا نووسیویەتی: " ... تەنیا چاو پیاخشانێك بۆمانی دەردەخا کە مێژووی نەتەوەکەمان پڕیەتی لە یادی نەمر، تەنانەت ڕۆژ نییە ڕێکەوتی یادێکی گرنگ نەکا و مانگ و هەفتە نێ ناپەڕی بێ ئەوەی ڕووداوێکی پڕ لە ئازایەتی و قارەمانانەی تیا ڕوونەدابێ ..." (حەمە بۆر، دەمە تەقێی...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٢).

ئیدی هەر ئەو گرنگیدانەیە وایکردووە، لە گۆڤارەکەدا زەمینە بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینی تایبەت بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بڕەخسێندرێت و بابەت لە بارەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بڵاوبکرێنەوە (ئاریسوڤا، کوردەکانی ئەودیو...، ڕزگاری، ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، ل٣٨-٤١؛ ئاریسوڤا، کوردەکانی ئەودیو...، ڕزگاری، ژمارە

٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل٣٠-٣٢). هەروەها بە پێنج زنجیرەش بە بایەخەوە باس لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ بکرێت و بە بەشێکی گرنگی مێژووی نەتەوەیی کورد لە قەڵەم بدرێت (بڕوانە: عزەت، ڕزگاری، ژمارە ٨-١٢).

لە لایەکی دیکەوە هەر لە بارەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە قۆناغەکانی پێشوودا، ئاماژە بە سیاسەتی ئینگلیز بەرانبەر بە شێخ مەحموود (تۆفیق، چیم دی لاپەڕەیەکی...، ڕزگاری، ژمارە ١١، ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠، ل٨-٩)، سیاسەتی سەرکوتکارانەی تورکیا بەرانبەر بە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ (قیام کوردەکان...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٥١؛ ظلمێکی تری...، ڕزگاری، ژمارە ٦، ٢٧ی تەمموزی ١٩٦٩، ل٥٠) و هێرشە دوژمنکارییەکەی حەرەس قەومی ساڵی ١٩٦٣ بۆ سەر ناوچە کوردییەکان کراوە (حەمەبۆر، دەمەتەقێ...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٢و ٢٦-٢٧). ئەوە سەربارەی ئەوەی گۆڤاری ڕزگاری لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بەشێك لە کتێبی "کوردایەتی"(٨) مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی بە خوێنەران ناساندووە (کوردایەتی چییە؟، ڕزگاری، ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، ل١٥؛ پەیدابوونی چۆزەردانی کوردایەتی، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٢٢).

شایەنی گوتنە، لە گۆڤاری ڕزگاری دا، مێژووی ئەو تێکۆشەرانە نووسراوەتەوە، کە گیانیان لە پێناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردا بەختکردووە، بەمەش بە گرنگەوە باس لە ژیان و خەباتی هەر یەك لە: خەیروڵا کەریم (١٩١٢ – ١٩٤٧)، عیزەت عەبدولعەزیز (١٩١٢ – ١٩٤٧)، محەمەد قودسی (١٩٢١ – ١٩٤٧) و مستەفا خۆشناو (١٩١٢ – ١٩٤٧) کراوە (حەمەبۆر، دەمەتەقێ...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٢، ٢٦-٢٧). هەروەها لە بارەی خەبات و تێکۆشانی هەر یەك لە: ئیسماعیل شەریفزادە(٩)، مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەدئەمینی هەمەوەند ناسراو بە مەلا ئاوارە(١٠)، سلێمانی موعینی(١١)، مامۆستایان ئەنوەر سەعید دارتاش، ئیسماعیل ئیبراهیم، محەمەد حاجی ساڵح (حەمە بۆر)، یاسین محەمەد ساڵح(١٢)، حەسیب محەمەدئەمین، جەلال کەریم، ئەحمەد عەبدوڵا، عەبدولقادر سەلام و ڕووناك زوهدی(١٣)، بابەت نووسراون.

لە لایەکی دیکەوە، گۆڤاری ڕزگاری، گۆشەیەکی لەژێر ناونیشانی "شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری" بۆ نووسینەوە مێژوو و ژیانی ژمارەیەك تێکۆشەر تەرخان کردووە، بەمەش لای لە ژیانی هەریەك لە: ئەحمەد حەمە گوڵە (١٤)، ئەحمەد ڕەشوانی(١٥)، ئەحمەد عەبدوڵا(١٦)، جەلال کەریم(١٧)، خالید حاجی فەرەج کۆکۆیی(١٨)، مەلا ڕەسول گۆرون(١٩)، عەلی حەمدی(٢٠)، فەرەیدون مستەفا(٢١)، عەریف مەجید کەریم شوانی(٢٢)، مەحموود حاجی تۆفیق(٢٣) و مەولوود قەرەدەرەیی(٢٤)، کردۆتەوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، گۆڤاری ڕزگاری وەك چۆن بایەخی بە نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد داوە، ئاوەهاش زەمینە بۆ ڕەخنە و شیکردنەوەی بۆ قۆناغە مێژووییەکانی پێشی خۆی خۆشکردووە، بەمەش لە گۆشەیەکدا لە ژێر ناونیشانی "کونجی پیلەبازی" نووسیویەتی:" ڕزگار لەم کونجەدا بە زۆری ئەو بیروڕایانە بڵاو ئەکاتەوە کە لە ڕەوشەنبیرانی گەلەمانەوەی بۆی دێت،...، جا ڕزگاری لە کاتێکا کە بۆ خۆشکردنی پیلەبازی لە ناو خوێندەواراندا بە پێویستی ئەزانی دەرگای باسکردنی گیروگرفتەکانی گەلەکەمان بخاتە سەر پشت، لە هەمان کاتدا بە پێویستی ئەزانی ئەوەش ڕابگەیەنێ کە پەیڕەویکردنی پرۆگرامی سۆسیالیستی زانستی لە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و چارەکردنی ئەوکێشانەی دینە کایەوە یەکێکە لەو مەرجانەی ئەبێ لەو نووسینانەدا بێ کە لێرەدا بڵاو ئەکرێنەوە" (ڕزگاری، ژمارە ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل٢٢).

لە ڕاستیدا، ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە، بابەت و شیکردنەوەی قۆناغە مێژووییەکانی کوردایەتی لەبەر ڕۆشنایی سۆسیالیزمی زانستی بەدوایی خۆیدا هێناوە. لەو بارەیەوە لە یەکێك لە بابەتەکاندا کاتێك شەنوکەوی هۆکاری سەرنەکەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە قۆناغەکانی پێشوودا کراوە، نووسراوە:" خەباتی لەمەوبەری گەلی کورد جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵك، کە هەموو جارێك بە هەزاران کەسی تیا شەهید کراوە و بە هەزاران خێزانی تیا سەرگەردان بووە و بە هەزاران گوند و کێڵگە و خانووبەری تیا خاپور بووە، بە ڕادەی یەکەم ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دۆستانی ڕاستەقینەمان لە دوژمنانی ڕاستەقینە جیا نەکردۆتەوە، هێزی بنچینەیی بزووتنەوەکەی خۆمان دیاری نەکردووە تا یەکی بخەین، وەهێزی بەرەی دوژمنانمان لێك نەداوەتەوە تا بیان ناسین، گەلێ جار دۆست و دوژمنمان لێ گۆڕاوە، دۆستانی ڕاستەقینە و هاوپەیمانمان وەکوو دوژمن هاتۆتە بەرچاو، وە دوژمنانی خوێنە خۆری نەتەوەکەمان بە دوست زانیوە" (چاك ناسینی ...،

ڕزگاری، ژمارە، ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل٣).

لە میانەی شیکاری بزووتنەوەی کوردایەتی لە قۆناغە مێژووییەکان و لە ژێر ڕۆشنایی سۆسیالیزمی زانستیدا، لە بابەتێکی تردا، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە قۆناغەکانی پێشوودا، بزووتنەوەیەکی بێ بەرنامە بووە و لە ئەنجامی بیری پێشکەوتووانە و لێکدانەوەی قووڵی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرپانەبووە، بەو هۆیەشەوە نەیتوانیوە لە بازنەی تیۆرێکی شۆڕشێگرانەی پێشکەوتوودا هەنگاوی بنێت. نووسەری ئەو بابەتە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کوردایەتی دوای هەزاران قوربانی دۆست و دوژمنی خۆی نەناسیوە، لە خەباتکردنیشدا بە تەنیا پشتی بە خۆی بەستووە و لەگەڵ بزووتنەوەی گەلانی دیکە نەچۆتە نێو هیچ بەرەیەکەوە، سەرباری ئەوەش پارتێکی پێشڕەو سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی نەکردووە، بۆیە ئەنجام ڕووبەڕووی شکست هاتۆتەوە (قەرەداغی، کوردایەتی ...، ڕزگاری، ژمارە ١٣، ٢٤ی شوباتی ١٩٧٠، ل٧-١٠).

سەبارەت بە هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە قۆناغە مێژووییەکاندا، لە بابەتێکیتردا هاتووە، بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئەنجامی بارودۆخی مێژوویی و ستەمکاری و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و دابەشبوونی کوردستان دەستیپێکردووە، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەك کۆمەڵە و ڕێکخراو هاتوونەتە مەیدانەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە مەرجی پێشڕەوییان تێدا نەبوون و لە هەستی قوڵی چینە زەحمەتکێشەکانەوە هەڵنەقوڵابوون، نەیانتوانی بزووتنەوەکە بگەیەنە سەرکەوتن. نووسەری ئەو بابەتە نووسویەتی لەو قۆناغەدا بزووتنەوەی کوردایەتی دوو ڕێگا لەبەردەم بووە، یەکەمیان خەباتکردن بە شێوە کۆنەکەی لە ژێر سەرکردایەتی چینی بۆرژوازییەت، یاخود خەباتکردن لە ڕێگای بزووتنەوەی چەپگەریدا کە ئەویش خەباتی نەتەوایەتی بە کۆنەپەرستی دەدایە قەڵەم. ئیدی بارودۆخەکە بەم شێوە ماوەتەوە تا دوای جەنگی دووەمی جیهانی (ج.ك، پێشڕەوی لە...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٢٠-٢٢).

لە بابەتێکی تردا، کە باس لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم تا دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) کراوە، نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بە درێژایی ئەو قۆناغە بزووتنەوەکان بە دەست ئەمیر و سەردار و سەرۆك عەشیرەتەکانەوە بوون، بەڵام لە دوای ئەوە جلەوی سەرکردایەتی لە دەستی ئەوان هاتۆتە دەرەوە، ئیدی بزووتنەوەی کوردایەتی بووە بە خاوەنی پارتێکی پێشڕەوی شۆڕشگێر، بەمەش جلەوی خەباتی شۆڕشگێری کەوتۆتە دەستی ڕۆڵەکانی چینە چەوساوەکانی کوردستان (قەرەداغی، چینی بۆرژوازی ...، ڕزگاری، ژمارە، ٤، ١٨ی ئایاری ١٩٦٩، ل ١٠-١٤). لێرەشدا بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەتوانرێت بووترێت نووسەر مەبەستییەتی بە ڕوونی بڵێت ئەو قۆناغە لە سەرکردایەتییە کردنە،کە لە لایەن چینی بۆژواززییەوە دەکرا، بووە بە بەشێك لە مێژوو و کۆتایی هاتووە.

لە بارەی بەردەوامی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە قۆناغە مێژووییەکانیدا، لە بابەتێکی گۆڤاری ڕزگاری دا، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە لەگەڵ دامەزراندنی عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، کورد لە خەباتکردن بەردەوامە، زۆرجاریش ئەگەر بە ئاگر و ئاسن بۆ ماوەیەك دەنگی کپکرابێت، کەچی نەتوانراوە کۆتایی بە خەباتکردنی بهێنرێت. نووسەری بابەتەکە نووسیویەتی، بەردەوامی خەباتی کورد مانای ئەوە نییە کورد دواکەوتووە و ئارەزووی پێشکەوتن ناکات وەك هەندێك پروپاگەندەیی بۆ دەکەن، یان بەردەوامی خەباتەکەی دەستی ئیمپرالیزمی لە پشتەوەیە، کە هەندێکی دیکە وای بۆ دەچن. بەڵکو بزووتنەوەی کوردایەتی جوڵانەوەیەکی مێژووییە، تا کورد دەگات بە مافە نەتەوایەتییەکانی بەردەوامی دەبێت (ڕێژەن، سەلماندنی ...، ڕزگاری، ژمارە ٣، ٤ی ئایاری ١٩٦٩، ل٦).

## ٤.بارودۆخی باشووری کوردستان لە قۆناغی دەرچوونی گۆڤاری ڕزگاری دا.

ئاشکرایە گۆڤاری ڕزگاری لە قۆناغێکدا دەرچووە، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا بەردەوامی هەبووە، بەمەش بایەخی هەلومەرجی قۆناغەکە بۆ خەباتکردن و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لە نێو بابەتەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

یەکێك لەو بابەتانەی کە بە ڕوونی لە گۆڤاری ڕزگاری دا لەو قۆناغەدا لای لێکراوەتەوە و باسکراوە، پەرەسەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانە لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیدا. لەو چوارچێوەیەش لە یەکێك لە بابەتەکاندا وای وێناکراوە، کە لەو قۆناغەدا بە هۆی دەرکەوتنی

سۆسیالیزم و موژدەیی ڕزگاربوونی چینە چەوساوەکان، لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کوردیشدا چەوساندنەوەی چینایەتی کاڵبۆتەوە و ئازاردانی نەتەوایەتی نەماوە و جەماوەری کوردستان بە ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانە هەڵساوەتەوە (بنەماڵەی ڕزگاری، کوردستانی ٦٩...، ڕزگاری، ژمارە ١٠، ٣١، کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ل٣-٥).

گۆڤاری ڕزگاری بە بڕوابوون بە بڵاوکردنەوەی بیری شۆڕشگێری لە چوارچێوەی سۆسیالیزمی زانستیدا، لەو قۆناغەدا زەمینەی بۆ باسکردنی بیری چینایەتی خۆشکردووە. بۆ ئەو مەبەستەش لە بابەتێکدا لە ژێر ناونیشانی "کوردایەتی و چینایەتی" ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کوردایەتی پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ چینایەتی هەیە و هاوتەریب لەگەڵ یەکتردا دێنەوە، چونکە کوردایەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخوازانەی چەوساوەکانی کوردستانە، ئامانج تێیدا گوڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵی کوردەواریدا، تا ئەوەی ڕێگا لەبەردەم دامەزراندنی ڕژێمێکی خۆشگوزەران و کامەران و ئاسوودە خۆش بکات. لەو بابەتەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە دەبێت بزووتنەوەی کوردایەتی چەوساوەکانی کورد خۆیان سەرپەرشتی بکەن تا ئەوەی سەرکەوتن تێیدا مسۆگەر بێت، لەو بازنەیەشدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە لادان بە هەر لایەکدا وا دەکات کوردایەتی لە ڕێچکەی ئاسایی خۆی لابدات و ئەنجام بە زیان بۆ سەر کوردایەتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بشکێتەوە (بلباس، کوردایەتی و ...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٢٨-٢٩).

ڕزگاری هەر لە بازنەی خەباتی چینایەتیدا، زەمینەی بۆ جۆشادانی خەباتی جوتیاران و کرێکاران خۆشکردوە و لە بەشێکی بابەتەکانیدا هانی داون هەوڵەکانیان لە چوارچێوەی خەباتی سەندیکایی تایبەت بە خۆیان یەك بخەن و لە پێناو بەدی هێنانی ئامانجەکانیان تێبکۆشن(٢٥). هەروەها لە خەباتی ڕێکخراوەیشدا بوونی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی لەو قۆناغەدا بە پێویست زانیوە و بە بەشێکی گرنگ لە بزووتنەوەی کوردایەتی پێشکەوتوانەی لە قەڵەمداون (قوتابییەکی کوردستان، بۆچی قوتابیانی...، ڕزگاری، ژمارە ٦، ٢٧ی مارتی، ١٩٦٩، ل٤٦-٤٨).

گۆڤاری ڕزگاری لە هەلومەرجێکدا دەرچووە، پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی ئاسایی بووە. بەمەش لە یەکێك لە بابەتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، دوای هاتنەوە سەر دەسەڵاتی بەعسییەکان، بەشێك لە مافەکانی کورد دانی پێنراوە، ژمارەیەك لە زیندانییە سیاسییەکان ئازادکراون، ئاوارەکان گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان، دان بە جەژنی نەورۆز نراوە وەك جەژنێکی نەتەوەیی و بەو بۆنەیەوە پشووی فەرمییە، یەکەمین زانکۆ لە کوردستان کراوەتەوە و ئیدی کورد دەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن (ئەم ساڵ چەژنی ...، ڕزگاری، ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، ل٤-٦). بەمەش ستایشی دەستکەوتە بەدەستهاتووەکانی لەو قۆناغەدا کردوون.

گۆڤاری ڕزگاری هاوشان لەگەڵ ستایش ڕەخنەشی گرتوون، بە بەڵگە ئەوەی لە چەند بابەتێکدا ئەو بە ڕوونی دەبینرێت، کە ڕەخنەی لە دەسەڵاتدارانی حکومەت گرتووە و بە پێویستی زانیوە بە تەنگ داوای کەسوکاری لێقەومانی کوردستانەوە بچن. لەوانە لە بابەتێکدا ئاماژەی بە یەکێك لە برگەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ کردووە، کە تێیدا حکومەتی عێراق خستبوو ژێرباری پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ هەموو ئەوانەی ببوونە قوربانی کاری توندوتیژی لە ناوچە کوردییەکاندا (٢٦). لەو چوارچێوەیەشدا گۆڤاری ڕزگاری نووسیویەتی وێڕای ئەوەی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو برگەیەی بە یاننامەی ٢٩ی حوزەیران ئەرکێکی نیشتمانییە، بەڵام وا بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت مانگ دەچێت بەعسییەکان هاتونەتەوە سەر دەسەڵات، کەچی هەنگاویان بۆ جێبەجێکردن نەگرتۆتە بەر و بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی بەرچاو لەو بنەماڵانەی بەهەر هۆیەکەوە بێت زەرەمەند بوون، قەرەبوو نەکراونەتەوە، بۆیە لە حاڵێکی پەرێشاندا دەگوزەرێنن ( پێویستی بە تەنگەوە...، ڕزگاری، ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، ل١٢-١٣).

لە لایەکی دیکەدا گۆڤاری ڕزگاری بەهۆی خراپی هەلومەرجی ناوچە کوردییە، بە تایبەتی دیاردەی کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆ شارەکان، کە لەو قۆناغەدا بە ڕوونی بەرچاو کەوتووە ڕەخنەی لە حکومەت گرتووە و ئاماژەی کردووە، خەڵکانێکی زۆر لە لادێکانەوە بۆ شارەکان کۆچ دەکەن، بێ ئەوەی لە شارەکاندا کەرتی پشەسازی، بازرگانی، هاوتۆچۆی دانیشتوان وەك پێویست بوونی هەبێت. گۆڤاری ڕزگاری هۆکارەکانی کۆچیکردنی بۆ خراپی شێوازی بەرهەمهێنان لە دێهاتەکان و چەوساندنەوەی چینایەتی و خراپ ڕێکخستنی لایەنی کشتوکاڵی و هەژاری و زۆرلێکراوی ڕژێمی دەرەبەگایەتی گێڕاوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسیویەتی حکومەت دەزگای تەندروستی، خوێندنگا و خزمەتگوزاری گشتی پێشکەشی دێهاتەکان نەکردوون و لە ئێستاکەشدا پلانێکی دیاریکراوی بۆ کەرتی ئابووری بە گشتی و کەرتی کشتوکاڵی بە تایبەتی نییە، تا بەو هۆیەوە

تێکڕایی توانای مرۆڤایەتی و سروشتی و ئابووری کۆمەڵ بخاتە گەڕ و ئابووری وڵات لە هەموو کەرتەکاندا شان بەشانی یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە بەرن (چەند سەرنجێك...، ڕزگاری، ژمارە ۱، ۲۰ی نیسانی ۱۹٦۹، ل۲۳-۲٤).

لە بابەتێکی دیکەدا، هاتووە وەك چۆن لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی ناوچە کوردستانییەکان بایەخیان پێ نەئەدرا، ئاوەهاش لە دوای ساڵی ۱۹٥۸ شتێکی وا بەرچاو ناکەوێت کە جێگای باسکردن بێت. بەمەش ناوچە کوردستانییەکان لەگەڵ چەوساندنەوەی نەتەوەیی ڕووبەڕووی چەوساندەوەی ئابووریش هاتوونەتەوە و لە پرۆژە ئابووری و پیشەسازییەکان حکومەتدا بێ بەشن (ئازاد، بایەخ دان بە...، ڕزگاری، ژمارە ۳، ٤ی ئایاری ۱۹٦۹، ل۱۰).

وەلێ هەر لە چوارچێوەی بابەتە ڕەخنەییەکان لە گۆڤاری ڕزگاریدا لە بابەتێکی دیکەدا ئاماژە بە کەموکورپییەکانی نێو یاسای چاکسازی کشتوکاڵی کراوە، والێکدراوەتەوە یاساکە دەستکەوتێکی وای بۆ جوتیارانی کورد نەبووە، بەمەش نیشانی داوە هاتووە نووسیویەتی لە کۆتایی شەستەکانیشدا جوتیارە کوردەکان حاڵی گوزەرانیان خراپە، حکومەتیش کەمتەرخە لە پێدانی قەرز و دابینکردنی پێداویستی و ئامێرە کشتوکاڵی پێیان (وەرزێر، خەباتی جوتیاران ...، ڕزگاری، ژمارە ۳، ٤ی ئایاری ۱۹٦۹، ل۲٤-۲٥؛ یاساکە ...، ڕزگاری، ژمارە ٦، ۲۷ی تەمموزی ۱۹٦۹، ل۲۱).

سەروبەندی دەرچوونی گۆڤاری ڕزگاری باڵی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی وەك دوو هێزی ناکۆك لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە شەڕدا بەردەوام بوون. بەمەش ئەو شەڕ و ململانێیە لە نێو بابەتەکانی گۆڤارەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. لە یەکێك لە بابەتەکاندا، هۆکاری ناکۆکییەکەی بۆ لایەنی مەبدەئی گێڕاوەتەوە و بچینەی چینایەتی پێ بەخشیوە، ئەنجام نووسەری بابەتەکە وای وێنای کردووە، کە ناکۆکییەکە لە نێوان دوو هێڵی جیاوازی کوردایەتییە، ئەویش هێڵی پێشکەوتن و هێڵی دواکەوتنە (بەریڤانی، مەترسی ...، ڕزگاری، ژمارە ٦، ۲۷ی تەمموزی ۱۹٦۹، ل٤). لە لایەکی دیکەشەوە لە بابەتێکی تردا نووسراوە: " ئەمڕۆ لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا لە هەموو کاتێکی کە ئاشکراتر و ڕووناکترە. دوو ڕێبازی جیاواز دوو کامپی جیاوازی تیا بەدی ئەکرێ کە سنوورێکی دیار و ڕەوشەنیان لە بەینا کێشراوە" (مستەفا، لە هۆڵی تاقیکردنەوەی...، ڕزگاری ژمارە ۸، ۷ی کانوونی یەکەمی ۱۹٦۹، ل۱۲). لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت بەشێکی زۆری بابەتەکانی نێو گۆڤاری ڕزگاری بۆ وێناکردنی ئەو قۆناغە تەرخان کراوە، لەبەر ئەوەی تێیاندا بە زۆری هێرشکراوەتە سەر باڵی بارزانی و هەنگاوەکانیانی بە پاڵپشتی دەرەکی بۆ خزمەتی دوژمنانی کورد لێکدراوەتەوە(۲۷).

شایەنی گوتنە، لایەنێکی دیکەی ململانێ نێوان باڵی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی ، کە لە نێو لاپەڕەکانی گۆڤاری ڕزگاری بەرچاو دەکەوێت هەواڵی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هەر دوو باڵەکەیە، لێرەشدا ڕزگاری لە نیوەی دووەمی ساڵی ۱۹٦۹ بە شانازییەوە باسی سەرکەوتنی هێزەکانیانی کردووە و بەشێوەیەکیش نیشانداوە، کە باڵی بارزانی شکستیی هێناوە و لە کۆتایی نزیکبۆتەوە (ئایای ئەی ...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ۲۲ی حوزەیرانی ۱۹٦۹، ل۲٥؛ سەرکەوتنی گەورەی ...، ڕزگاری، ژمارە ۷، ۲۱ی ئەیلولی ۱۹٦۹، ل ۲٥-۲۸؛ بنەماڵەی ڕزگاری، کوردستانی ٦۹ ...، ڕزگاری، ژمارە ۱۰، ۳۱ی کانوونی یەکەمی ۱۹٦۹، ل۳-٥).

گۆڤاری ڕزگاری جگە لە باسکردنی شەڕ و ململانێ نێوان باڵی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی، ڕەخنەی لە خراپ مامەڵەکردنی هێزەکانی بارزانی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان گرتووە، لەو بازنەیەشدا وانیشانداوە سەرکردە و هێزە چەکدارەکانیان لە ناوچەکانی خۆیاندا بوون بە دەرەبەگ و دەست بەسەر زەوی جوتیاران دەگرن و دەیان چەوسێنینەوە و بە ناوی جۆراوجۆرەوە باج و سەرانەیان لێ دەستێنن، بەو هۆیەوە جوتیاران لە بارودۆخێکدان خۆزگە بە زەمەنی پاشایەتی دەخوازن (کۆمەڵی تێکۆشەر ...، ڕزگاری، ژمارە ۲، ۲۷ی نیسانی ۱۹٦۹، ل ۱۱-۱۲).

وەك لە گۆڤاری ڕزگاری دەردەکەوێت، پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی، جگە لە باڵی بارزانی، لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق باڵی لێژنەی ناوەندی ناکۆکی و ململانێی هەبووە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، کە لێژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق پشتیوانیان لە باڵی بارزانی کردووە (حەقیقەتی پشتگیری ...، ڕزگاری، ژمارە ۳، ٤ی ئایاری ۱۹٦۹، ل٤٤-٤٥؛ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ...، ڕزگاری، ژمارە ٤، ۱۸ی ئایاری ۱۹٦۹، ل۳۹-٤۳؛ شیوعیەتی ئاخر ...، ڕزگاری، ژمارە ٦، ۲۷ی تەمموزی ۱۹٦۹، ل۸).

لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکان لە عێراقدا، دوای دووبارە هاتنەوە بەعسییەکان بۆ سەر دەسەڵات، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا بۆچوونی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق هاتبووە ئاراوە، بەمەش لە دیمانەیەکی گۆڤاری ڕزگاری لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد

سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی ئاماژە بۆ ناوەرۆکی ئەو بیرخەرەوەیە کراوە، کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پێشکەش بە کۆنگرەی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکییان کردووە (گفتوگۆی ڕزگاری ...، ژمارە ۱، ۲۰ی نیسانی ۱۹٦۹، ل ۲٦-۲۷). لە لایەکی دیکەشەوە کاتێك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عێراقدا، هەندێك لە عەرەبەکان پێیان وابووە بۆ ئەو مەبەستە دەبێت حکومەت لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی ڕێکبکەوێت، گۆڤاری ڕزگاری ئەو هەنگاوەی بە لادان و شۆڤێنییەتی هەندێك لایەن و کەسایەتی عەرەبی لێکداوەتەوە و لە وتارێکدا ئاماژە بۆ ئەوە کردووە ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانی یەکسان نییە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عێراقدا (بنەماڵەی ڕزگاری ، نوقتەی یەکانگیری... ، ڕزگاری، ژمارە ۹، ۲۱ی کانوونی یەکەمی ۱۹٦۹، ل۳-٦).

## ئەنجام

١. بایەخی لایەنی ڕۆژنامەگەری لە لای ژمارەیەك سەرکردەی باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ ئەو قۆناغەی کارکردنیان، پاڵنەری سەرەکی دەرچوونی گۆڤاری ڕزگاری بووە.

٢. لەگەڵ ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی خاوەنی گۆڤاری ڕزگاری بووە بە چاپخانەکەشەوە، بەڵام دڵنیانەبوون لەو گروپەی کاریان تێیدا کردووە، هۆکاری ئەوەی بووە کە هاوکاری دارایی نەکرێن، هەمیشە لێیان بە گومان بن.

٣. کاریگەری بیری چەپ بە شێوەیەکی گشتی و بیری ماویزم بەشێوەیەکی تایبەتی ڕەنگدانەوەی بەسەر وتار و بابەتەکانی نێو گۆڤاری ڕزگارییەوە دیارە.

٤. گۆڤاری ڕزگاری کرێکاران، جوتیاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێری ئاراستەکردوون، بە ئامانجی ئەوەی سەروکاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بگرنە دەست، چونکە پێیوابووە دەتوانن ببن بە سەرچاوەیەکی وەزبەخش بۆ دامەزراندنی سیستمی دیموکراسی نوێ و سۆسیالیزمی زانستی.

٥. گۆڤاری ڕزگاری بەشداربوون لە بەرەی نیشتمانی لە تەك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان، بەهەنگاوێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە قەڵەمداوە.

٦. گۆڤاری ڕزگاری لە ژێر تیشکی سۆسیالیزمی زانستی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی لە قۆناغە مێژووییەکانی پێشوودا بۆ نەبوونی پارتێکی پێشڕەو و بەرەیەکی نیشتمانی گێڕاوەتەوە.

٧. گۆڤاری ڕزگاری لە ئاماژەکردن بۆ هۆکاری ململانێی نێوان باڵی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی تەواوی نەپێکاوە، لە کاتێکدا هۆکارەکەی بۆ ململانێی لە نێوان بەرەی پێشکەوتن و بەرەی دواکەوتوو گێڕاوەتەوە.

٨. بەشێك لە وتار و نووسینەکانی نێو گۆڤاری ڕزگاری ڕووحی ئۆپۆزسیۆنی تێدا بە دی دەکرێت، بە بەڵگە ئەوەی گۆڤارەکە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەت دەرچووە، بەڵام ڕەخنەی لە هەندێك لە هەنگاوەکانی حکومەت گرتووە.

٩. لەگەڵ ئەوەی گۆڤاری ڕزگاری پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی بە پارتی پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە قەڵەمداوە، کەچی بە ڕێککەوتنی مەلا مستەفا بارزانی و حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی بەیاننامەی ۱۱ی مارتی ۱۹۷۰ باروودۆخەکە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەوانە کەوتۆتەوە.

## پەراوێزەکان

(١) لە دوای دووکەرتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٦٤، لەبەر ئەوەی ئەو گروپەی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بوون زۆربەیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، بە باڵی مەکتەبی سیاسی ناسران.

(٢) لە دوای دووکەرتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٦٤، لە دوایی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەوانەی بە دەوری مەلا مستەفای بارزانی مابوونەوە، پێیان دەوترا باڵی بارزانی.

(٣) ڕۆژنامەی (النور) وەك ڕۆژنامەیەكی سیاسی ڕۆژانە لە بەغدا یەكەمین ژمارە لە ١٢ی تشرینی یەكەمی ١٩٦٨ دەرچووە، بەمەش بەردەوامبووە تا ٢٨ی مارتی ١٩٧٠، تێكڕا بەسەریەكەوە (٤٣١) ژمارەی لێدەرچووە. (النور) خاوەنی ئیمتیازی حیلمی عەلی شەریف و سەرنووسەرەكەشی عومەر مستەفا بوو. (جريدة النور، العدد (١)، السنة الاولى، ١٢ تشرين الاول ١٩٦٨؛ جريدة النور، العدد (٤٣١)، السنة الثانية، ٢٨ اذار ١٩٧٠).

(٤) ڕۆژنامەی (النور) لە ژمارە (١٤٤- ١٥٠) ناوەڕۆكی ژمارە یەكی گۆڤاری ڕزگاری نووسیوە و ئاگاداری خوێنەرانی كردۆتەوە بەم زوانە گۆڤاری ڕزگاری دەردەچێت. بۆ زانیاری بڕوانە: (جريدة النور، العدد (١٤٤)، السنة الاولى، ١٠ نيسان ١٩٦٨، ص٦؛ جريدة النور، العدد (١٤٥)، السنة الاولى، ١٢ نيسان ١٩٦٨، ص٥؛ جريدة النور، العدد (١٤٦)، السنة الاولى، ١٣ نيسان ١٩٦٨، ص٧؛ جريدة النور، العدد (١٤٧)، السنة الاولى، ١٤ نيسان ١٩٦٨، ص١١؛ جريدة النور، العدد (١٤٨)، السنة الاولى، ١٥ نيسان ١٩٦٨، ص٧؛ جريدة النور، العدد (١٤٩)، السنة الاولى، ١٦ نيسان ١٩٦٨، ص١١؛ جريدة النور، العدد (١٥٠)، السنة الاولى، ١٧ نيسان ١٩٦٨، ص١١).

(٥) بۆ زانیاری بڕوانە ڕێككەوتی دەرچوونی ژمارەكانی گۆڤاری ڕزگاری: (ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩؛ ژمارە ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩؛ ژمارە ٣، ٤ی ئایاری ١٩٦٩؛ ژمارە٤، ١٨ی ئایاری ١٩٦٩؛ ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩؛ ژمارە ٦، ٢٧ی تەمموزی ١٩٦٩؛ ژمارە ٧، ٢١ی ئەیلولی ١٩٦٩؛ ژمارە ٨، ٧ی كانوونی یەكەمی ١٩٦٩؛ ژمارە ٩، ٢١ی كانوونی یەكەمی ١٩٦٩؛ ژمارە ١٠ ٣١ی كانوونی یەكەمی ١٩٦٩؛ ژمارە ١١، ١٤ی كانوونی دووەمی ١٩٧٠؛ ژمارە ١٢، ٧ی شوباتی ١٩٧٠؛ ژمارە ١٣، ١٤ی شوباتی ١٩٧٠؛ ژمارە ١٤-١٥، ٢٧ی مارتی ١٩٧٠).

(٦) نرخی گۆڤاری ڕزگاری (٧٠) فلس بووە، ئابوونەی بەشداربوونیش بۆ ماوەی ساڵێك بریتی بووە لە ٣،٥٠٠ سێ دینار و نیو، بۆ شەش مانگیش ١،٧٥٠ دینارێك و حەفت سەد و پەنجا فلس بووە.

(٧) دروشمەكان جگە لە ژمارە (٧-٨) بەردەوام لەسەر بەرگی دواوە نووسراونەتەوە، كە بریتیین لە: "ڕزگاری بڵاوكەرەوەی بیروباوەڕی جەنگاوەرانی بزووتنەوەی كوردایەتییە لە پێناوی نەهێشتنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوسانەوەی چینایەتیدا"، "ڕزگاری گۆڤاری كرێكاران و جوتیاران و ڕەوشەنبیرانی شۆڕشگێڕە"، "ڕزگاری هەڵگری مەشخەڵی بیروباوەڕی سۆشیالیستییە"و" ڕزگاری گۆڤاری تێكۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری و دیموكراسی و سۆشیالیزمە".

(٨) كتێبی كوردایەتی ناوە تەواوەكەی بریتییە لە: " كوردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی كوردستانە" لە نووسینی "جەلال تاڵەبانی"یە، وەك تاڵەبانی نووسیویەتی سەرەتای نووسینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٩. پاشان لە ساڵی ١٩٦٠ وەك وانە لە سلێمانی پێشكەش بە كادیرانی پارتی دیموكراتی كوردستان كراوە. ساڵی ١٩٦١ بۆ یەكەمجار چاپكراوە، ساڵی ١٩٦٤ لقی سلێمانی پارتی دیموكراتی كوردستان چاپی دووەمی كردووە. ساڵی ١٩٦٦ چاپی سێیەم، لە لایەن چاپخانە خەباتەوە ئەنجامدراوە. (تاڵەبانی، كوردایەتی ...، ١٩٦٦، ل٣).

(٩) ئیسماعیل شەریفزادە، ساڵی ١٩٤٣ لە مەهاباد لە دایكبووە، لە سەرەتای لاویەتیدا تێكەڵاوی خەباتی سیاسیی بووە، دواتر بۆتە یەكێك لەكادیرە دیارەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، بەو هۆیەوە لە چالاكیكردن بەردەوام بووە تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ هەر یەكە لە: میرزا ئەستی مەنگوڕ، عەلی عەبدوڵا و حوسێنی ڕەحمان مەنیجەلانی لە ناوچەی دارنە لە بانە دەكوژرێن. (خەباتی نەتەوەی كورد، ڕزگاری، ژمارە ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل٣٤).

(١٠) مەلا ئاوارە، ساڵی ١٩٣٤ لە ئاوایی شەلماش لە ناوچەی سەردەشت لە دایكبووە، دوای ئەوەی تێكەڵاوی كاری سیاسی و خەباتی چەكداری بووە، ماوەیەك ڕوودەكاتە باشووری كوردستان، دوای چەند ساڵێك مانەوە دووبارە دەچێتەوە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و دەبێتە فەرماندەی پێشمەرگە لە ناوچەی سەردەشت، بەمەش لە خەباتكردن بەدەوام دەبێت تا ئەوەی ٩ی نیسانی ١٩٦٧ لەگەڵ هەریەك لە مەلا كەچە و محەمەد بریاچی لە ئاوایی دوالان خافڵگیر دەكرێن، ئەنجام دوای مانگێك لە ١٠ی مایسی ١٩٦٧ هەر سێكیان لە سێدارە دەدەرێن. (مەلا ئاوارە، ڕزگاری، ژمارە ٣، ٤ی ئایاری ١٩٦٩، ل ٣٨-٣٩).

(١١) سلێمانی موعینی كوڕی ئەحمەد موعینی وەزیری ناوخۆی كۆماری كوردستان بوو. ناوبراو لە شاری مەهاباد لە دایكبووە، خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لە مەهاباد تەواوكردووە. موعینی هەر لە سەرەتای لاویەتییەوە تێكەڵاوی كاری سیاسی بووە، بەردەوامبووە تا ئەوەی

بۆتە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لە ماوەی کارکردنی چەند جارێك دەستگیرکراوە و ئازادبووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ هاتۆتە باشووری کوردستان و دواتر بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردووە. ساڵی ١٩٦٧ سلێمانی موعینی لەگەڵ ئیسماعیل شەریفزادە و مەلا ئاوارە و عەبدوڵلا موعینی وەك ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری ڕوو دەکەنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیدی لە خەباتکردن بەردەوامبوو، تا ئەوەی خافلگیرکرا و ساڵی ١٩٦٧ دەسەڵاتدارانی ئێران لە سێدارەیاندا. (خەباتی کوردستان ...، ڕزگاری، ژمارە ٨، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ل٢٦ – ٢٨).

(١٢) ئەو چوار مامۆستایە، ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بوون لە ڕەشبگیرییەکەی ساڵی ١٩٦٣ دەستگیرکران و گولەباران کران. (چەپکە گوڵێکی ...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٢٦).

(١٣) لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ ژمارەیەکی بەرچاو لە چین و توێژەکان بەشداری تێیدا دەکەن. لەو نێوەندەشدا مامۆستایان ڕۆڵی بەرچاو خۆیان دەگێڕن و ژمارەیەکی بەرچاو بوون بە پێشمەرگە. مامۆستا حەسیب محەمەد ئەمین یەکێك لەوانە دەبێت، کە لە ناوچەی ئاغجەلەر دەبێتە پێشمەرگە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ دەکوژرێت. یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە کۆنگرەی سێیەمی خۆیدا، کە لە تەممووزی ١٩٦٨ گرێداوە، یادی مامۆستایانی تێکۆشەر دەکاتەوە و بە تێکڕایی دەنگیش بڕیار دەدات ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەم بکرێتە ڕۆژی شەهیدان کوردستان. (٩ی تشرینی یەکەم ...، ڕزگاری، ژمارە ٨، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ل١٥).

(١٤) ئەحمەد حەمە گوڵە، ساڵی ١٩٣١ لە دێی تەیمەزئاوا لە ناوچەی لەیلان لە بنەماڵەیەکی جوتیار لە دایکبووە. ساڵی ١٩٥٠ بۆتە سەرباز لە سوپای عێراقدا. ساڵی ١٩٥٣ بووە بە پۆلیس لە قەڵای شێروانە. ساڵی ١٩٦٢ بۆتە پێشمەرگە، لەبەر چالاکی زۆری تا پلە سەرلق لە پێشمەرگایەتی پلەی بەرزبۆتەوە. ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی چۆتە ئێران، ساڵی ١٩٦٥ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، تەممووزی ١٩٦٦ لە یەکێك لە شەڕەکانی قوپی قەرەداغ دەکوژرێت. (ڕزگاری، ژمارە ١٢، ٧ی شوباتی ١٩٧٠، ل٩).

(١٥) ئەحمەد عەزیز ناوسراو بە ئەحمەد ڕەشوانی ساڵی ١٩٤٢ لە هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٠ پەیمانگای مامۆستایانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٣ بە هۆی چالاکی پارتایەتی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بەڵام خۆی ڕادەست ناکات. ناوبراو ساڵی ١٩٦٧ بەشداری لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی دەکات، بەمەش لەتەك پیشەی مامۆستایەتی و ئەندامێتی لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە کاری سیاسی بەردەوام دەبێت تا ئەوەی لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ لەبەردەم دادگای هەولێر تەقەی لێدەکرێت، ئەنجام دوای دوو ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانە لە شەوی ١٥/١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ گیانی دەسپێرێت. (ڕزگاری، ژمارە ١٠، ٣١ کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ل٧).

(١٦) ئەحمەد عەبدوڵلا لە ئامێدی لە دایکبووە، لە قوتابخانەدا زیرەك بووە و قۆناغەکانی بە سەرکەوتوویی بڕیوە و دەرچووی خانەی مامۆستایانی بەغدایە. ناوبراو ساڵی ١٩٤٨ بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد، ساڵی ١٩٥٣ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان. ماوەی نێوانی ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٥٨ ڕۆڵی لە بوژانەوەی لقی بادینانی پارتی دیموکراتی کوردستان بینیوە. ساڵی ١٩٥٩ لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ساڵی ١٩٦١ بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٤- ١٩٦٧ بووە بە بەرپرسی لقەکانی هەولێر، بەغدا، بادینانی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی، بەمەش بەردەوامبووە تا ئەوەی لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ لە هەولێر کوژراوە. (ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیران، ١٩٦٩، ل٦).

(١٧) جەلال کەریم، ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی شاتراوە لە کەرکوك لە دایکبووە. قۆناغەکانی خوێندنی بە پچڕ پچڕی خوێندووە و دەرچووی خانەی مامۆستایانە. ناوبراو لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە، بەو هۆیەوە ساڵی ١٩٦٢ لە لایەن میرییەوە بەندکراوە، ساڵی ١٩٦٣ ئازاد بووە بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی چۆتە ئێران، ساڵی ١٩٦٥ گەڕاوەتەوە. ساڵی ١٩٦٦ بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی لە کەرکووك، لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ لە دێی خالۆبازیانی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی سیاسی کوژراوە. (ڕزگاری، ژمارە ٤، ١٨ی ئایاری ١٩٦٩، ل٧).

(١٨) خالید حاجی فەرەج کۆکۆیی، ساڵی ١٩٤٣ لە هەڵەبجە لە دایکبووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندوویەتی. دوای ئەوە تێکەڵاوی کاری

سیاسی دەبێت و ساڵی ١٩٥٩ دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناوبراو لەبەر چالاکی لە نێو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ساڵی ١٩٦٢ بۆتە ئەندامی ڕێکخراو، ساڵی ١٩٦٣ ئەندامی ناوچەی هەڵەبجە. ساڵی ١٩٦٤ دوای دووکەرتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوبراو لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی دەبێت و دەبێتە لێپرساوی ناوچەی هەڵەبجە. خالید کۆکۆیی بە نوێنەرایەتی هەڵەبجە بەشداری لە کۆبوونەوەی کۆنفرانسی ماوەت ساڵی ١٩٦٤ وکۆنفرانسی تیمار ساڵی ١٩٦٦ کردووە، دواتریش بۆتە ئەندامی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی ساڵی ١٩٦٧، ئیدی لە خەباتکردن بەردەوام دەبێت تا ئەوەی ١٣ی مایسی ١٩٦٨ دەکوژرێت. (ڕزگاری، ژمارە ٨، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ل٦).

(١٩) مەلا ڕەسوڵ گۆرون، ساڵی ١٩١٩ لە گوندی هەڵەدن لە ناوچەی سورداش لە دایکبووە، لە مزگەوتدا خوێندوویەتی. ناوبراو بەشداری لە کۆماری کوردستان لە مەهابادا کردووە. گۆرون یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی و بەم هۆیەشەوە ساڵی ١٩٦٠ بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانی. ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕش دەبێتە پێشمەرگە و لە ٢٣ی مایسی ١٩٦٢ لە نزیك پێنجوین دەکوژرێت. (ڕزگاری، ژمارە ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل٦).

(٢٠) عەلی حەمدی، یەکێکە لە تێکۆشەرە دیارەکانی بواری سیاسی و لە سەرەتای چلەکان ئەندامی پارتی هیوا بووە. ناوبراو ساڵی ١٩٤٥ بەشداری لە دامەزراندنی حیزبی ڕزگاری کردووە. حەمدی دەستەی دامەزرێنەی پارتی دیمورکراتی کوردە بەو هۆیەشەوە ساڵی ١٩٤٦- ١٩٤٩ بەرپرسی لیژنەی ناوچەی بەغدا بووە، پاشان بۆتە بەرپرسی لقی بەغدا. ساڵی ١٩٥١- ١٩٥٢ سەرپەرشتی لە چاپدانی ڕۆژنامەی ڕزگاری زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردی کردووە. ساڵی ١٩٦١ دوای ئازادبوونی چوّتە پاڵ شۆڕش و بووە بە بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ، ساڵی ١٩٦٣- ١٩٦٤ بەرپرسی لقی سلێمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ناوبراو ساڵی ١٩٦٦ کوژراوە. (ڕزگاری، ژمارە ١، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩، ل١١).

(٢١) فەرەیدون مستەفا، ساڵی ١٩٤٥ لە دایکبووە و تا سێی ناوەندی خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٦٢ بۆتە پێشمەرگە، لەبەر لێهاتوویی بۆتە ڕابەری سیاسی، ساڵی ١٩٦٤ ناوبراو لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی چوّتە ئێران، دواتر گەڕاوەتەوە، لە ٣ی ئەیلولی ١٩٦٥ لە شەڕی چیای کۆڕەك دەکوژرێت. (ڕزگاری، ژمارە ١١، ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠، ل١٩).

(٢٢) مەجید کەریم شوانی ناوسراو بە عەریف مەجید، لە دێ بنە لە ناوچەی شوان لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە لە هاورێکانی لە بنکەی پۆلیسی گاپیلۆن پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکەن. لە دوای دووکەرتبوونی پارتی ساڵی ١٩٦٤ عەریف مەجید لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی دەبێت، بەمەش بەردەوام دەبێت تا ئەوەی ساڵی ١٩٦٥ دەکوژرێت. (ڕزگاری، ژمارە ٧، ٢١ی ئەیلولی ١٩٦٩، ل٨).

(٢٣) مەحمود حاجی تۆفیق، ساڵی ١٩٣٤ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لە دایکبووە، سەرەتا لە حوجرە خوێندوویەتی، دواتریش چوّتە قوتابخانە و تا پۆلی سێی ناوەندی بەردەوامبووە، بەڵام لەبەر کاری سیاسی دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦١ بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانی، ساڵی ١٩٦٢ بووە بە ئەندامی کارگێری لق، ساڵی ١٩٦٣یش لێپرسراویەتی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی پێسپێردراوە. لەگەڵ دووکەرتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٦٤ لە شانی باڵی مەکتەبی سیاسی بووە، ساڵی ١٩٦٦ کوژراوە. (ڕزگاری، ژمارە ٦، ٢٧ی تەمموزی ١٩٦٩، ل١٠).

(٢٤) مەولود قەرەدەرەیی، لە بنەماڵەیەکی جوتیار لە دێی قەرەدەرە لە دایکبووە، لەبەر لێهاتوویی هەر زوو تێکەڵاوی ژیانی پێشمەرگایەتی بووە، بەمەش بەردەوام بووە تا ئەوەی لە ٢٤ی نیسانی ١٩٦٦ لە گوندی ئیلەڵلا لە دەشتی کۆیە کوژراوە. (ڕزگاری، ژمارە ١٣، ٢٤ی شوباتی ١٩٧٠، ل١١).

(٢٥) ژمارەیەکە بابەت لەو بارەیەوە لە گۆڤاری ڕزگاری نووسراوان بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کۆمەڵەی تێکۆشەر بۆ جوتیارەکان پێویستە، ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل١١-١٢؛ سەردەشت، باخۆمان بناسین، ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل٢٤-٢٥؛ سەردەشت، باخۆمان بناسین، ڕزگاری، ژمارە (٣)، ٤ی ئایاری ١٩٦٩، ل١٧-١٨؛ ڕەنجدەر، کەڵکی نەقابە، ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٤؛ ڕەنج، هەواڵی کرێکاری، ڕزگاری، ژمارە (١٢)، ٧ی شوباتی ١٩٧٠، ل٧).

(٢٦) بۆ زانیاری لە بارەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و لێکەوتەکانی بڕوانە: (محێدین، ٢٠٠٦، ل ل٢٧٧ – ٣٠٣).

(٢٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئازاد، مەغزای هەڵوەشانەوەی...، ڕزگاری، ژمارە ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل٤؛ م. بۆچی ئەبێ بچین ...، ڕزگاری، ژمارە ٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، ل٢٦-٢٧؛ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕزگاری، کێ نیشتمان فرۆشە؟، ڕزگاری، ژمارە ٤، ١٨ی ئایاری ١٩٦٩، ل٣- ٦؛ چۆن پشتیوانی ڕێبازی پێشکەوتووانەی...، ڕزگاری، ژمارە ٥، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩، ل٣؛ ڕاپۆرتێك لە بارەی ...، ڕزگاری، ژمارە ٧، ٢١ی ئەیلوی ١٩٦٩، ل٣-٤؛ باوکی دڵسۆز، گوایە دوژمنانی ...، ڕزگاری، ژمارە ٩، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ل١٢-١٣؛ پەنگر، کونەپەرستانی کورد...، ڕزگاری، ژمارە ٩، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ل١٦؛ چەند ووتەیەك لە بابەت ...، ڕزگاری، ژمارە ١٠، ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، ل١٨-٢٠).

## سەرچاوەکان

### دەستنووس

ب. ژیوار، پێشەکییەك بۆ لە چاپدانەوەی گۆڤاری ڕزگاری، دەستنووس.

### کتێب

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٨)، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چاپی سێیەم، (سلێمانی).

بارزانی، مەسعود، (بێ ساڵی چاپ)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، (بێ شوێن چاپ).

تاڵەبانی جەلال (١٩٦٦)، کوردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە، چاپی سێیەم، (چاپخانەی خەبات).

جاف، وریا (١٩٩٦)، مێژووی ڕۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦- ١٩٩٦، چاپی یەکەم، (دهۆك، چاپخانەی خەبات).

جەلال، ئیبراهیم (١٩٩٩)، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی دووەم، (سوید، چاپخانە هێرمان).

حەمەدئەمین، ئەحمەد (٢٠٢٠) ، بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ڕزگاری ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ – ٢٧ی مارتی ١٩٧٠، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی هێڤی).

ڕەشید، سەلاح ٢٠١٧، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٧).

ساڵح سەدیق ساڵح و ڕەفیق (٢٠١١)، ڕۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق ١٩٤٦ – ١٩٥٨، (سلێمانی، چاپخانەی شڤان).

فەرد، عیرفان قانعی (٢٠١٣)، دوای شەست ساڵ ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی، بەرگی یەکەم، (لبنان مؤسسة العرفا بيروت، ٢٠١٣).

محێدین، واحد عومەر (٢٠٠٦)، دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق ١٩٢١-١٩٦٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، (سلێمانی، ٢٠٠٦).

مەلا ڕەفعەتی (٢٠٠٨)، ڕۆژە تەماوییەکان، پێداچوونەوەی: عەبدوڵلا کەریم مەحمود، (سلێمانی، چاپخانەی کارۆ).

### دیمانە و نامە:

دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.

دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

نامەی فوئاد قەرەداغی بۆ توێژەر لە ٢١ی تەمموزی ٢٠٢٠.

**گۆڤار**

ئاریسوڤا، ت.ف، کوردەکانی ئەودیو قەفقاس چاو پیاخشاندێك بە مێژووی کۆن و تازەی کوردا، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی: ڕزگاری، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١)، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩.
ئاریسوڤا، ت.ف، کوردەکانی ئەودیو قەفقاس چاو پیاخشاندێك بە مێژووی کۆن و تازەی کوردا، بەشی دووەم، وەرگێڕانی: ڕزگاری، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩.
ئازاد، بایەخ دان بە پێش خستنی ئابووری کوردستان، یەکێکە لە پێویستییەکانی سرینەوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٣)، ٤ی ئاياری ١٩٦٩.
ئازاد، مەغزای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ١٩٣٧ بە تەنیا لە لایەن ئێرانەوە، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩.
یاسا کە دەلاقەی تیابوو، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٦)، ٢٧ی تەمموزی ١٩٦٩.
ئای ئەی شۆڕشی کوردستان چەند تاوانت بە ناوەوە ئەکرێت، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩.
ئەبێ چۆن بەپەرچی دوژمنانەی حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران بدەینەوە؟ گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٣)، ٤ی ئاياری ١٩٦٩.
ئەم ساڵ جەژنی نەورۆزمان چۆن کرد؟، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١)، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩.
٩ی تشرینی یەکەم ڕۆژی مامۆستایانی کوردستانە، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٨)، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.
باوکی دڵسۆز، گوایە دوژمنانی کورد ئیتر کێن؟، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٩)، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.
بلباس، نوری، کوردایەتی و چینایەتی، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩.
بنەماڵەی ڕزگاری، کوردستانی ٦٩ چۆن بوو؟ کوردستانی ٧٠ ئەبێ چۆن بێ؟، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١٠)، ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.
بنەماڵەی ڕزگاری، نوقتەی یەکانگیری ڕیفیژیونیزم و شۆڤینیزم لە مەسەلەی کوردا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٩)، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.
بەریڤانی، مەترسی جولانەوەکەی بارزانی بۆسەر کوردایەتی، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٦)، ٢٧ی تەمموزی ١٩٦٩.
بۆچی دژی جیابوونەوەین؟، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١)، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩.
بۆچی دژی جیابوونەوەین؟، گۆڤاری هاوکاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩.
بۆچی کورد پشتیوانی گەلی عەرەبی فەلەستین ئەکات، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١)، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩.
پەنگر، کونەپەرستانی کورد و عەرەب دوو بارگیرن عەرەبانەیەك ڕائەکێشن، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٩)، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.
تۆفیق، محمد نوری، چیم دی لاپەڕەیەکی گەشە لە لاپەڕەکانی مێژووی کورد، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١١)، ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠.
تۆمار، لە العراقەوە قیام کوردەکان لە علیهی تورکیا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩.
ج.ك، پێشڕەویی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩.
چاك ناسینی دۆست و دوژمن یەکێکە لە مەرجە گرنگەکانی سەرکەوتنی کوردایەتی، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩.
چەپکە گوڵێکی بۆن خۆش بۆ گیانی پاکی چوار مامۆستاکە؟، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩.
چەند سەرنجێك دەربارەی بێ کاری و کۆچ و ڕەوی لادی بۆ شارەکان، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١)، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩.
چەند ووتەیەك لە بابەت خۆپێشاندانەکەوە، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١٠)، ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠.
چۆن پشتیوانی ڕێبازی پێشکەوتووانەی کوردایەتی ئەکرێ؟، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩.
حەقیقەتی پشتگیرکردنی بزوتنەوە بەرکێگراوەکەی بارزانی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراقەوە، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٣)، ٤ی ئاياری ١٩٦٩.

حەمە بۆر، دەمەتەقێی بنەماڵەی ڕزگاری، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩.

خەباتی کرێکاران بە ڕێبازی ڕزگاری دا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩.

خەباتی کوردستان سلێمانی موعینی، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٨)، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.

خەباتی نەتەوەی کورد، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕزگاری، کێ نیشتمان فرۆشە؟ گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٤)، ١٨ی ئایاری ١٩٦٩.

ڕاپۆرتێك لە بابەت باری ئێستای کوردستانی عێراقەوە، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٧)، ٢١ی ئەیلولی ١٩٦٩.

ڕزگاری دێتەوە کۆڕی خەبات، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١)، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩.

ڕەنج، هەواڵی کرێکاری، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١٢)، ٧ی شوباتی ١٩٧٠.

ڕەنجدەر، کەڵکی نەقابە، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٩.

ڕێژەن، سەلماندنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٣)، ٤ی ئایاری ١٩٦٩.

سەردەشت، باخۆمان بناسین، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩.

سەردەشت، باخۆمان بناسین، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٣)، ٤ی ئایاری ١٩٦٩.

سەرکەوتنێکی گەورەی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر چریکی شاە و مەلا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٧)، ٢١ی ئەیلوی ١٩٦٩.

سەلماندنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد کەرستەی ئاژاوە و پشێوی لە ناو ئەبا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٣)، ٤ی ئایاری ١٩٦٩.

سەلماندنی مافە نەتەوەیەتییەکانی گەلی کورد یەکێتی هاوخەباتی کورد و عەرەب بە هێز دەکا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٨)، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.

سەلماندنی مافە نەوایەتییەکانی گەلی کورد ڕێگەی گەشانەوەی ئابووری نیشتمانی عێراق ئاسان ئەکا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١)، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩

شیوعیەتی ئاخر زەمانە نەوەکا ئیشتراکیەت؟!، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٦)، ٢٧ی تەمموزی ١٩٦٩.

عزەت، مەحمود، جمهوری مەهاباد تەجروبەیەکی مێژوویی گرنگی نەتەوەکەمانە، بەشی یەکەم، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٨)، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.

عزەت، مەحمود، جمهوری مەهاباد تەجروبەیەکی مێژوویی گرنگی نەتەوەکەمانە، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٩)، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.

عزەت، مەحمود، جمهوری مەهاباد تەجروبەیەکی مێژوویی گرنگی نەتەوەکەمانە، بەشی سێیەم، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١٠)، ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.

عزەت، مەحمود، جمهوری مەهاباد تەجروبەیەکی مێژوویی گرنگی نەتەوەکەمانە، بەشی چوارەم، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١١)، ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠.

عزەت، مەحمود، جمهوری مەهاباد تەجروبەیەکی مێژوویی گرنگی نەتەوەکەمانە، بەشی پێنجەم، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١٢)، ٧ی شوباتی ١٩٧٠.

قوتابییەکی کوردستان، بۆچی قوتابیانی کوردستان ئەبێ ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەبێت؟، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٦)، ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٦٩.

قەرەداغی، فوئاد، چینی بۆرژوازی کورد و مەسەلەی سەرکردایەتی کردنی کوردایەتی، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٤)، ١٨ی ئایاری ١٩٦٩.

قەرەداغی، فوئاد، کوردایەتی و پویستی تیورییەکی شۆڕشگێڕانە، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١٣)، ٢٤ی شوباتی ١٩٧٠.

کۆمەڵەی تێکۆشەر بۆ جوتیارەکان پێویستە، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩.

گفتوگۆی ڕزگاری لەگەڵ سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١)، ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩.
لقی تەنزیمی پیشمەرگەی کوردستان، لە بێ خەبەران، دنیا چۆن بووە هەروانا بێ، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١١)، ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠.
لە پێناوی چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستاندا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١٣)، ٢٤ی شوباتی ١٩٧٠.
م. بۆچی ئەبێ بچین بەگژ جولانەوە چەکدارەکەی مەلا بارزانی دا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٢)، ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩.
مستەفا، نەوشیروان، لە هۆڵی تاقیکردنەوەی نیشتمانیدا کێ گرەو ئەباتەوە؟ وەکی ئەی دۆڕێنێ؟، بەشی یەکەم، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٨)، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.
مستەفا، نەوشیروان، لە هۆڵی تاقیکردنەوەی نیشتمانیدا کێ گرەو ئەباتەوە؟ وەکی ئەی دۆڕێنێ؟، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٩)، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.
مەلا ئاوارە، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٣)، ٤ی ئایاری ١٩٦٩.
هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق لە بزوتنەوەکەی مەلا بارزانی لەبەر تیشکی بیروباوەڕی مارکسیزم -لینینزم دا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٤)، ١٨ی ئایاری، ١٩٦٩.
وەرزێر، خەباتی جوتیاران، جوتیاران لە گێژاوی باری ئێستای کوردستاندا، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٣)، ٤ی ئایاری ١٩٦٩.
وەرزێر، دەمەتەقێی بنەماڵەی ڕزگاری، ژمارە (٧)، ٢١ی ئەیلولی ١٩٦٩.

**ڕۆژنامە**

١.جريدة النور، العدد (١)، السنة الاولى، ١٢ تشرين الاول ١٩٦٨.
٢.جريدة النور، العدد (١٤٤)، السنة الاولى، ١٠ نيسان ١٩٦٨.
٣. جريدة النور، العدد (١٤٥)، السنة الاولى، ١٢ نيسان ١٩٦٨.
٤. جريدة النور، العدد (١٤٦)، السنة الاولى، ١٣ نيسان ١٩٦٨.
٥. جريدة النور، العدد (١٤٧)، السنة الاولى، ١٤ نيسان ١٩٦٨.
٦. جريدة النور، العدد (١٤٨)، السنة الاولى، ١٥ نيسان ١٩٦٨.
٧. جريدة النور، العدد (١٤٩)، السنة الاولى، ١٦ نيسان ١٩٦٨.
٨. جريدة النور، العدد (١٥٠)، السنة الاولى، ١٧ نيسان ١٩٦٨.
٩.جريدة النور، العدد (٤٣١)، السنة الثانية، ٢٨ اذار ١٩٧٠.